کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 15:05 17-11-2007

**وەڵامێک بۆ راگۆێز... خوێدکارێکی بەشی راگەیاندن**

بەر لە هەر شتێك پەندە كوردیەكەت بۆ راستبكەمەوە كە دەڵێ: كانیەك ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ فرێ مەدە. واشدەردەكەوێت كە تۆ خاوەنی نوسینەكەی پێشو بیت و دەتەوێت لەرێگەی ئەو كەسانەی دەیانەوێت وەربگیرێن رقی خۆت بەرامبەر حیزب خاڵی بكەیتەوە، دیارە ئەمەش تاكە ئامانجی تۆیەو چونكە نەتتوانیوە خۆت بە حیزبێكیشدا هەڵواسیت بۆیە دەتەوێت لەرێگەی ئەم وتارە لاوازانەوە تۆڵە بكەیتەوە، ئەگەر وانیە ئەوا من خوێندكارم و لەبەر مامۆستاكانم و رق هەڵگرتنیان لێم ناوی خۆمم نەنوسیوە تۆی بەناو رۆژنامەنوس بۆ ناوی خۆت نەنوسیوە بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین چیت و كامەیە ئەو توانایەی باست لێوەكردووەو پەرەت پێداوە؟؟؟ساڵی پار خوێندكارێك لە رۆژنامەی هاوڵاتی وتارێكی لەسەر ئەو مامۆستایەی بەشی راگەیاندن نوسی بوو كە بە خوێندكارێكی وتبو گەر بنێشتت لەدەمدا بێت قونەرە ئەخەمە دەمتەوە!! هەمو خوێندكاران شایەتن بە چ شێوەیەك مامۆستاكان لە وانەكاندا وەڵامیان دایەوەو هەڵوێستیان وەرگرت و ئەو مامۆستایەی قسەكەشی كردبو وتبوی ئێوە شایانی ئەوە نین دەرستان پێبڵێم.

دواتر باس لەوەدەكەی كە بۆ بەشەكەم ناگۆرم لەوە ئەچێت جەنابت لە تەبەقەیەكی تری ئاسمانەوە دابەزیبێتیت و ئاگات لە قبوڵ مەركەزی و گواستنەوەی بەش و خواستی خوێندكار نەبێت!! من بە ئومێدێكی زۆر گەورەوە روم لەبەشی راگەیاندنكرد نەمزانی مامۆستاو پرۆگرامی خوێندنەكەی بەم شێوەیەیە. دواتر نمونەیەكی زۆر سەقەتت دەربارەی كۆلیژی پزیشكی هێناوەتەوە وەك ئەوەی بڵێی خوێندكارە دەرچوەكانی پزیشكی ئاستی زانستیان زۆر بەرز بێت و ئەوان بوبێتن كە چارەسەری ئەنفلەوەنزای باڵندە و كۆلێرایان كردبێت، بەرێزت گەر رۆژنامەنوسی بۆ بەدواچونێك لەسەر نەخۆشخانەكانی ئێران و ئوردن ناكەیت تابزانی چەند نەخۆشی كورد لەو نەخۆشخانانە هەن، رێزێكی زۆرم بۆ هەندێك لە دكتۆرەكان هەیە.

دەمەوێت دڵنیات بكەمەوە ئەو وتارەی من و ئەو وتارانەی خوێندكارانی تریش كە نوسراون و دەنوسرێن تاكە ئامانجیان ئەوەیە خەڵكانێك ببن بە مامۆستای راگەیاندن كە ئاستی زانستیان بەرز بێت و ئێمەی خوێندكاران لێوەیان فێر ببین نەك هەڵەیان لەوانەو نوسیندا بۆ راستبكەینەوە، لە بابەتی پێشترمدا بەراستكردنەوەی هەڵەكانی ئەو مامۆستایە دەزانرێت ئاستیان چۆنە. وەك خوێندكارانیش چەند جارێك بەمانگرتن و كۆكردنەوەی ئیمزاو گفتوگۆی راستەوخۆ ویستمان چاكسازی بكەین، بەڵام بێسود بوو ئەم نوسینانەش ئەزعەفول ئیمانە...

لەكۆتایدا دەمەوێت هەمو خوێنەرێك خۆی بڕیاردەربێت و لەخۆی بپرسێت دەبێت ئامانجی خوێندكارێك كە كەس نەزانێت كێیە چی بیت؟ جگە لە بەرەوپێشچونی راگەیاندن و بەشی راگەیاندنی زانكۆی سلێمانی، خوێندكارێكی دەرچوی بەشی راگەیاندن روی لەیەكێك لە كەناڵەكان كردبو بۆ دامەزراندن پێیان وتبو نامانەوێی چونكە دەرچوانی بەشی راگەیاندن هیچ نازانن، من تەنها مەبەستم ئەوەیە چی دی رۆژنامەنوسی نەشارەزا پێنەگەیەنن و كەسیش سنگ دەرنەپەرێنیت بڵێ مامۆستای راگەیاندنم، دەمانەوێت بە كرداری بەشی راكەیاندن كادری ئەكادیمی پێبگەیەنێت و پرۆگرامی خوێندن چاكسازی تێدابكرێت مامۆستای شارەزاو بەتواناش وانە بڵێتەوە، گەر راگوێز بەردەوام بێت ئاوا ئامادەم مەلزەمەی مامۆستاكان و لیستی ناو و بڕوانامەكانیان بڵاوبكەمەوە، بۆ زیاتر زانیاری راگوێزو هەمو خوێنەران دواكارو چاكسازی بەشی راگەیاندن لێپێچینەوەیە لە ئامادەبونی خوێندكاران لە وانەكاندا نەك گۆڕینی مامۆستاو پرۆگرام و سیستمی خوێندن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:05 2007-11-17

هەمو جەماوەری کوردستان و خوێندکاران و خودی مامۆستایان خۆشیان دەزانن ئاستی زانستی زانکۆی سلێمانی چۆنە، بەڵام لەوانەیە کەس ئاگای لەبەشی راگەیاندن نەبێت و ئەوەی تۆزقاڵێك مەعریفە لە مێشکیدا هەبێت پاساوی بۆ ناهێنێتەوە، بە هەمومان هەوڵبدەین ئەو بەشە چاکبکەین یاخود زانکۆ دایبخات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.